# خەڵاتی گویزەلساز بۆ داهێنانی هونەری

لوقمان حەمەرەشید

خەڵاتی گویزەلساز بۆ داهێنانی هونەری بۆتە سیمبولێك بۆ ئاوێتەبوونو پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی شاری کەرکوك، لیژنەیەکی تایبەت هەموو ساڵێك هونەرمەندێ یان چەند هونەرمەندێك پێشنیار دەکات، بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە. ساڵی پار هونەرمەندو مەقامبێژی تورکمان ئەکرەم دوزلی ئەم خەڵاتەی پێبەخشراوەو ئەمساڵیش خەڵاتی گویزەلساز بۆ داهێنان بەخشرایە دوو هونەرمەندی دیکە.

لەمەراسیمەکەدا، کورتەیەك لەژیاننامەی شەهید کەنعان گویزەلساز، بەسینەماڤیژن پێشکەشکرا کەلەلایەن تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە ئامادەکرابوو. شەهید کەنعان محەمەد صالح ناسراو بە کەنعان گویزەلساز ساڵی ١٩٦٩ لەشاری کەرکوك لەدایك بووەو هەر لەمنداڵییەوە بەهرەی هونەریی تێدا دەرکەوتووە. ساڵی ١٩٩١ تیپی مۆسیقای (مازی)ی دامەزراندو دواتر چووە کەناڵی تەلەفزیۆنی کەرکوك، لەوێش تیپی مۆسیقای (کەنعان گویزەلسان)ی دامەزراند کەهەفتانە لەو کەناڵەوە چەپکێك گۆرانیو ئاوازی پێشکەش بەکەرکوکییەکان دەکرد، هەتا لەتەقینەوە تیرۆرستیەکەی ڕێکەوتی ١١/١٢/٢٠٠٨ی ناو چێشتخانەی عەبدوڵڵای سەرڕێگای کەرکوك، لەگەڵ هەرسێ منداڵەکەیو براو برازێنێکیدا شەهید بوو.

بۆ هێشتنەوەی ناوی ئەو شەهیدەو ڕێزلێنان لەهونەرمەندانی ڕەسەنی کەرکوك، خەڵاتێك بەناوی کەنعان گویزەلسازەوە بۆ داهێنانی هونەری ڕاگەیەنرا، ئەوەش داهێنانێکی دیکەی ناوەندی چاپەمەنیو ڕاگەیاندنی خاك بوو.

ڕۆژی سێ ی کانونی دووەم لەهۆڵی نەورۆز لەشاری کەرکوك، مەراسیمی بەخشینی خەڵاتەکە بەڕێوە چوو.

مەراسیمەکە بەساتێ وەستان بۆ گیانی شەهیدان، دەستیپێکردو پاشان وتاری ناوەندی چاپەمەنیو ڕایگەیاندنی خاكو لیژنەی مەراسیم، لەلایەن سەلاح سەعید خوێندرایەوەو هەمان وتار بەزمانەکانی عەرەبیو تورکمانی لەلایەن سەعد مەلا عەلیو عەلی کوێپرلوو پێشکەش بەئامادەبوانی مەراسیمەکە کرا. بەشێك لەوتارەکەی ناوەندی چاپەمەنیو ڕاگەیاندنی خاك:

ئامادەبوانی هێژا: میوانە بەڕێزەکانی مەراسیمی خەڵاتی کەنعان گویزەلساز

مژدەبێت کەبیرو خولیاو لێکدانەوەکانمان بەتەنها لەسنورەکانی باسکردنو خەونەکانماندا نامێنێتەوە، ئەوەتا لەنێو کەشوهەوای ئازادیدا، ئاوری جدی لەهونەرمەندان دەدرێتەوەو باوەشی پڕ لەجوانی دەکرێت بەداهێنانەکانیاندا، خەیاڵو بیرکردنەوەو پێشنیار بۆ





نەجمەدین ڕەووف

دەستنیشانکردنی داهێنان لەهونەردا لەخۆڕا لەدایك نابێتگەر گرنگیدانو پەرۆشییەك نەبێت بۆ هونەرو هونەرمەندانو بەرهەمە پڕ لەداهێنانەکانیان.

خەڵاتی کەنعان گیوزەل ساز بۆ داهێنانی هونەری شاهیدی ئەو گرنگی پێدانو پەرۆشیەیە، هەر ساڵەو دەدرێتە هونەرمەندێك بەبێ جیاوازی نەتەوەیی.

پاشان لەرێی سینەماڤیژنەوە ژیاننامەی هەردوو هونەرمەند (میقداد محەمەد عودەو نەجمەدین رەووف نەجیم) کەئەمساڵ خەڵاتی شەهید کەنعان گویزەلسازیان پێشکەش کرا، نمایشکران.

میقداد محەمەد عومەر لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٠ی گەڕەکی تەکییەی تاڵەبانی شاری کەرکوکە، مەقامبێژێکی دیاری شارەکەیەتیو لەساڵی ١٩٩٤دا وەك شارەزایەکی بواری مەقام لە(ماڵی مەقامی عێراقی) دامەزراوەو ئێستاش لە (ناوەندی عەلی مەردان بۆ مەقام) مامۆستای فێرکردنی هونەری مەقامبێژییە.

خەڵاتەکە لەلایەن هونەرمەند ئەکرەم تورلو پێشکەش بەمامۆستا میقداد کراو پاشان خانمی هونەرمەند چیمەن ئیسماعیل چەپکەگوڵی حسێن میسری پێشکەش کردو دوای ئەوانیش چەپکەگوڵی دیکە پێشکەش بەمامۆستا میقداد محەمەد عومەر کرا.

هونەرمەند نجم الدین رەووف نەجیم ناسراو بە نەجمەدین عاشق، ساڵی ١٩٥١ لەگەڕەکی بۆلاق لەشاری کەرکوك لەدایك بووەو شارەزایەکی بواری هونەری مەقامی قۆریاتە.

خەڵاتەکە لەلایەن خاتوو قادرییەی کچی هونەرمەندی گەورە عەلی مەردان، پێشکەش بە نەجمەدین عاشق کرا.



میقداد محەمەد

لەنێوان هەموو بڕگەکانی بەرنامەی ئامادەکراوی ڕێوڕەسمەکەشدا، سێ هونەرمەندی کوردو عەرەبو تورکمان بەناوەکانی (عومەرە درێژو ئەحمەد نەجیبو مەحمود ترزی) لەگەڵ گروپێکی مۆسیقاداو پێکەوەو بەهەرسێ زمانی کوردیو عەرەبیو تورکمانی، بەرهەمی هاوبەشیان پێشکەش بەئامادەبوان دەکرد.

جێی باسە خەڵاتی کەنعان گویزەلساز بیرۆکەی هونەرمەندی کۆچ کردوو حسێن میسری بوو.

**فۆتۆ: ئارام عیسا**

